# Prepared By : Karez Raswl

# Subject : Economic geography

# 2022 ~ 2023



- **چۆن هەژاری لە جیهاندا پێو انە دەکرێت...؟**

وەڵام : (پێوەری گەرمۆکە)هەژاری بە بڕی ئەو یەکە گەرمۆکانە پێو انە دەکرێت کە جەستەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی یاخود وەری دەگرێت بۆ نموونە : جەستەی مرۆڤ پێویستی بە بڕی {1500 بۆ 2000} یەکەی گەرمۆکە هەیە ، ئەم یەکە گەرمۆکانەش لە خۆر اکەوە وەردەگیردرێن ، هەرکەسێک لەم بڕە گەرمۆکانە لە خۆر اکەوە کەمتر وەربگرێت لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە بێت ئەوا ئەوناوچەیە بە هەژارنشین ناوزەندە دەکرێت .

- **چی بکرێت بۆ ئەوەی ڕەوشی جیهانی ئایندە نەبێت بە جیهانێکی هەژار لە لایەك کە زۆرینەن وە جیهانی سەرمایەدارەکان لەلایەك کە کەمینەن....؟**

وەڵام: لەم جیهانەی ئیمرۆماندا مرۆڤ هەمیشە لە چاوچنۆکی و خۆ دەوڵەمەندکردن دایە ، هەربۆیەش لە ڕۆژگاری ئیمرۆدا سیستەمی سەرمایەداری باڵا دەستە ، جیهانی سەرمایەداری هەوڵدەدات بە کەمترین تێچوو و زۆرترین قازانج بە دەست بهێنێت ، بێگومان ئەمەش لەسەر حسابی ئەوکەسانەی کە ئاستی داهاتیان مامناوەندە یاخود زۆرکەمە و اتە بەشێوەیەك هەژارەکان هەژارتر دەبن و دەوڵەمەندەکانیش دەوڵەمەندتر دەبن، کەو اتە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات...؟

وەڵام: پێویستە لەسەر وڵاتان هەڵسن بە دووبارە دابەشکردنەوەی داهات لە ڕێگەی باجەوە باج : ئامرازێکە بۆدووبارە دابەشکردنەوەی داهات بەجۆرێك کە گریمان تاکێك لە ئەڵمانیا داهاتی ساڵانە $70,000 دۆلارە دەوڵەت $20,000 دۆلاری لێوەردەگرێت وەك باج بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروستبکات لە نێوان ئەوکەسانەی کە داهاتیان بەرزە و ئەوکەسانەی کە داهاتیان نزمە ، میری هەڵدەستێت بە دووبارە دابەشکردنەوەی ئەو داهاتەی کە لەڕێگەی ئەوباج کە کۆیکردۆتەوە بەسەر ئەوکەسانەی کە داهاتیان نزمە بۆئەوەی ئەوکەسانەش بتو انن پێی بژین کە ئەمەش ناودەبرێت بە هاوسەنگی لە دابەشکردنی داهات .

**ئایە گەشەی ئابووری جیهانی بەبێ گەشەی دانیشتو انی جیهانی دەکرێت...؟**

- وەڵام: دەبێت هاوشان و هاوسەنگی یەکتری بن بۆنموونە : ئەگەر ساڵێك ڕێژەی گەشەی ئابووری بەرەودوواوە بچێت و ژمارەی دانیشتو انیش لە گەشەسەندن دابێت ئەوا لێرەدا کێشەی ئابووری سەرهەڵدەدات لە نێوان هێزی ئابووری جیهانی و گەشەسەندنی دانیشتوان ، هەربۆیە ئەگەر گەشەی ئابوری هاوتای گەشەی دانیشتوان نەبێت ئەوا جیهان بەرەو هەژاری و بێکاری و برسیەتی و کەم خۆراکی دەڕوات .

## ئایە گەشەکردنی دانیشتوان لە جیهاندا بەشێوەیەکی بەردەوام دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیران لەم سەردەمەدا...؟

وەڵام: بەڵێ،چونکە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و ئەو دەرامەتانەی کە بەردەستن لەو ناوچەیەی کە بوونی هەیە ، واتە بە شێوەیەک ئەگەر بێت و ژمارەی دانیشتوان زیاتربێت لەو دەرامەتانەی کە بەردەستن لەو ناوچەیەدا ئەوا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرفتی ئابووری وەك:(دروستبوونی هەژاری و سەرهەڵدانی بێکاری) وە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بێت و ژمارەی دانیشتوان کەمتر بێت و دەرامەتی بەردەست زیاتر بێت بەهامان شێوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرفتی ئابووری وەک بێکاری و نزمی ئاستی داهات ، هیتر...

بۆنموونە : وڵاتێکی وەک لیبیا یاخود کەنەدا کە زەویەکی زۆرو دەرامەتێکی زۆریان هەیە ، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی کەمە ناتوانرێت سود لەو دەرامەتانە وەربگیردرێت و وەبەربهێنرێن ، هەربۆیە کەنەدا ساڵانە دەرگای کۆچ بەسەردەیان هەزارکۆچبەردەکاتەوە ووەریاندەگرێت بۆ ئەوەی دەستی کار زۆربێت و وەبەرهێنان بکرێت لەو دەرامەتانەی کە هەن ، بەڵام وڵاتێکی وەک میسر کە دەرامەتەکەی سنورداره وژمارەی دانیشتوانیشی زۆرە بۆلەم جۆرە حاڵەتەدا(بێکاری و هەژاری) بڵاو دەبێتەوە، چونکە ناتوانرێت پێداویستی دانیشتوان داین بکرێت وەك پێویست بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان وسنورداربوونی دەرامەتەکان. بۆیە دەبێت بگەین بە(قەبارەی نموونەی دانیشتوان) کە دەبێت بەشێوەیەك بێت هاوسەنگی دروست ببێت لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و دەرامەتە سروشتییەکان هەرچەندە ڕوودانی ئەمە شتێکی خەیاڵیە و زۆرئەستەمە پێی بگەین ، بەڵام لە ڕووانگە تیۆریەکەیەوە بەم شێوەیە .